**بۆکان لە مێژوودا (٤١٦)** **ئەنوەر سوڵتانی**

##ماڵئاوایی

## کۆتایی زنجیرە وتاری "بۆکان لەمێژوودا"

## کاڵەم دڕا، هیچم پێ نەبڕا!

خوێنەری بەڕێز!

هەفتەیەکی دیکە ئەمڕۆ پڕۆژەی زنجیرە وتاری "بۆکان لە مێژوودا" تەمەنی ٨ساڵی پڕ دەکاتەوە و پێ دەنێتە نۆساڵانەوە. بەڵام بەداخەوە دەبێ بڵێم ئیتر درێژەی نابێت و هەر لێرەدا دەوەستێت، وەستانێکی کوتووپڕ!

زنجیرە وتاری "بۆکان لە مێژوودا" چ سووک وسانا ئامادە نەکرا و هاسانیش نەخرایە سەر ماڵپەڕەکە. هەر لە سەرەتاوە کارێکی هەرەوەزی بوو خەڵکێکی زۆر کاریان تێدا کرد. لەو ماوەی هەشت ساڵەدا دەیان کەس کتێب و بابەت و خۆراکیان بۆ پڕۆژەکە ئامادە کرد و لە ناوخۆ و دەرەوەی وولاتەوە کتێبیان بۆ ناردم، منیش خوێندمنەوە و یادداشتم لەبەر هەڵگرتن و بابەتم لەسەر نووسین، کاک برایمی فەرشی و کاک نادر فەتحی نزیک بە نیوەی یەکەمی ئەم وتارانەیان تایپ کرد، کاک نادر کارە تەکنیکییەکانی بەڕێوە برد، خستیە سەر ماڵپەڕەکە و جاری وا بوو تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەش دووجار و سێ جارم پێ گۆڕی و شتم لێ زیاد وکەم کرد؛ ئەو دەست و مێشکانە پێکەوە توانییان کارەکە هەڵسووڕێنن و بەڕێوەی بەرن، گەرچی تەنیا ناوی تاکەکەسێک بەسەر بابەتەکەوە بوو.

ئەم کارانە بۆیە بەڕێوە بران خزمەتێکی بچووک بە فەرهەنگی گەلەکەمان بکرێت. بۆکان بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوون کردنەوەی لایەنێکی تاریکی مێژووەکەی یارمەتیدەری نووسینی مێژووی سەرجەمی خاکەکەمانە، وەک چۆن مێژووی شاری سنە و سلێمانی و دیاربەکر وقامیشلی بەشێکن لە مێژووی سەرجەمی وڵاتەکە.

<u>لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا من هەوڵم دا مێژوویەک بۆ بۆکان و ناوچەکە بنووسم کە جیاوازبێت لە ستانداردە نەریتییەکان و ئەو کارانەی وا پێشتر سەبارەت بە مێژووی شارەکانی دیکەی کوردستان کراون. من ویستم هیچ قسەیەک لە خۆمەوە نەکەم و تەنیا بەڵگە و سەرچاوە کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا مێژوویەک بنووسرێت کە هەر هەمووی پشت ئەستوور بە بەڵگە و دەستاوێژ بێت. ئەوە کارێکی کەمتر کردە بوو و لە درێژەیدا دەکرا ببێتە نوونە و سەرمەشقێک بۆ کاری بە بەڵگە و بە بنەما بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان.</u> لە هەموو ئەو هەشت ساڵەدا جگە لە گێڕانەوەی بیرەوەریی تەبعید و زیندانی خۆم و باسی بەڵگەنامە سیاسییەکانی بۆکان- کە ئەوانیش بەشێک بوون لە ڕووداوەکانی بۆکان، هەرچییەکم نووسیبێت بە بەڵگە بووە و لە هەر سەرچاوەیەکم وەرگرتبێت، بە ڕوونی بە خوێنەرم ناساندووە.

دیارە کارێکی ئەوتۆ هاسان نەبووە؛ خوێندنەوەی هەفتانەی کتێبێک (جار وبارە دوو کتێب) بۆ هەر بەشێک لەو ٤١٦ بەشە، لای کەم سێ یان چوار ڕۆژی هەفتەی لێ داگیر کردووم و کەسانێک کە لەدەرەوەی وڵات دەژین و کاریش دەکەن، دەزانن ئەوە یانی چی! کار کردن و ماڵ بەڕێوەبردن و منداڵ

گەورەکردن، لە عەینی کاتدا ئەوەندەش کات دانان بۆ پڕۆژەیەک کە هیچ یارمەتییەکی دارایی لەپشت نەبووە و تەنانەت کتێب و سەرچاوەکانیش لە گیرفانی خۆم یان خزم و دۆست و برادەرم کڕاون، هاسان نییە و تەنانەت پێم سەیرە چۆن توانیومە لەو بارودۆخە داراییەدا کە تێیدام و لەو تەمەنەدا و بەو هەموو نەخۆشییەوە، ئەو کارەم تا ئێرە هێنابێت ئەویش لە دوورە وڵاتی و بە نەبوونی کتێب و سەرچاوەی پێویست. هەرکەس چۆتەوە کوردستان یان ئێران، ڕیشم لەبەر گرتووە کتێبم بۆ بهێنێت. لە سەفەرێکی سلێمانی و هەولێردا لە جیاتی پەنیر و گەزۆ، ۳۷ کیلۆ کتێبم لەگەڵ خۆم هێناوە! دۆست و برادەر کتێبیان بۆ هاتبێت، چوومەتە ماڵیان و ڕووتاندوومنەتەوە! جاروبار تەنانەت شارەوشاریشی بۆچووم؛ سەردانی سێ کتێبخانەی لەندەنم کردووە کە کتێبی کوردی و فارسییان هەیە، ژوورێکی ماڵەکەمانم بە پتەوی کردۆتە کتێبخانە و ... هەموو ئەو کارانە بۆ ئەوەی ئاڵقەی کارەکە نەپسێت و "بۆکان لەمێژوودا" بەردەوام بمێنێت.

دەزانم کارەکە ناتەواو بووە و دەکرا گەلێک لەوە باشتر بێت، بەڵام دەرەتان و زانیاری و توانای من هەر ئەوەندە بووە. بۆ نموونە، دەزانم دەبوایە کتێب و سەرچاوە ئورووپاییەکان وەک کتێب و بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بریتانیا و ڕووسیام بپشکنیایە و بابەتی سەبارەت بە بۆکانم تێدا بدۆزیایەتەوە. بەڵام ئەگەر لە رابردوودا ئەم کارەم بۆ کرا و کتێبکم لەسەر هەندێک بەڵگەنامەی بریتانیا بڵاو کردەوە، لەم ساڵانەی دواییدا کە بەدرێژایی هەفتە کارم دەکرد و ماڵیشمان چووبووە ئەوپەڕی لەندەن، چیتر ئەو مەجالەم بۆ نەمابوو و نەمدەتوانی کاری وابکەم، ئیتر بەناچاری ڕووی خۆم بە تەواوەتی لێ وەرگێرا و بەلایدا نەچووم، دەنا دەزانم گەلێ بابەتی نووسراو و نەخشە و وێنەی چاک لە هەندێک ناوەندی وا هەن کە بابەتەکەی منیان دەوڵەمەندتر دەکرد. زۆریش بەداخەوەم کە ئەوەم بۆ نەلوا.

بەڵام هیچ دەسپێک و سەرەتایەک نییە ئەنجام و کۆتایی نەبێت، فەوارەش درەنگ یان زوو دەکەوێت. کارەکەی منیش لەو یاسایە بەدەر نییە. گەرچی ماندوو نەبووم و پێشم خۆش نییە کۆتایی بە کارەکە بهێنم. بەڵام لە بەر هۆکارێک کە ئێستا ڕایدەگەیێنم، چیتر ورەم نەماوە و ناتوانم درێژەی پێ بدەم:

ماوەی چەند مانگ پێش ئێستا برادەرێک لە کوڕە ئاغاکانی دەوروبەری بۆکان ئیمەیلێکی ناردبوو بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان و نووسیبووی گوایە "ئەنوەر نووسیویەتی ئاغاکانی بۆکان فلانەکەسیان لە ساڵی ۱۳۳۲ دا کوشتووە. لە کاتێکدا وانییە و ئەوەش بەڵگە کە ئەو کابرایە نەکووژراوە و بە مردنی ئاسایی مردووە." زۆرم پێ سەیر بوو نە ئەو شتەم نووسیبوو و نە بیستبووم و نە تەنانەت لە شوێنێکدا خوێندبوومەوە! بۆ بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکەم نووسی تکایە بەو برادەرە بفەرموو شتی وا نەبووە و من قسەی وام لە کوولەکەی تەڕیشدا نەکردووە، تەنانەت لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ۱۳۳۲ ی بۆکاندا بۆ ئەوەی بێ بەڵگە قسەم نەکردبێت هەرگیز باسی کووژرانی کەسێکم نەکردووە، جا ئەگەر نووسەری ئیمەیلەکە باوەڕی بەو قسەیە نەکرد، ئەوا بێ زەحمەت ئیمەیل ئادرێسەکەی منی بدەیە با ڕاستەوخۆ پەیوەندم پێوە بکات.

چەند ڕۆژ دواتر، ئیمەیلێکی دیکە لە هەمان ئادرێسەوە نێررابوو بۆ ماڵپەڕەکە و نووسەر، بە بێ ئەوەی داوای لێبووردن لە ماڵپەڕەکە و لە من بکات، گوتبووی من کوڕی ئەوکەسەم کە پێشتر ئیمەیلەکەی بۆتان ناردبوو. هۆکاری هەڵەکردنەکەشم ئەوە بوو خەریک بووم کتێبی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا" ی ئەنوەرم دەخوێندەوە و شتی لەو چەشنە... . ئیتر زانیم کارەکە هەڵەکردنی ئاسایی نییە و ئەوە پیلانێکە،

لە بەر ئەوەی هێشتا هەڵەیەک ساغ نەکراوەتەوە هەڵەیەکی دیکەیان هێناوەتە گۆڕێ و ئێستا کە ئەوی یەکەمیان بۆ نەچۆتە سەر، کتێبێک کە کاک ڕەحمانی محەممەدیان نووسیویەتی و دووساڵ پێش ئێستا لە ئێران بڵاو بۆتەوە بە هی من لەقەڵەم دەدەن و لەسەر بنەمای ئەو قسە هەڵبەستراوەش هێرش دەکەنە سەرم.

ئیتر درێژەدان بە باسەکە سوودی نەبوو. بە گوێرەی نەریتێک کە هەمیشە ڕەچاوم کردووە، وەڵامی ڕەخنەی کەس نادەمەوە و لام وایە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ڕەخنەم لێ بگرێت و ئەگەر هەڵەم کردبێت قامک بە چاومدا بکات. کەوابوو ڕەخنە و گازندەیەک لە لای منەوە نەبوو، هەموو کارەکەش تۆمەت و قسەهەڵبەستن بوو و نەمدەویست بە وەڵامدانەوە، خۆم تێکەڵاوی کارێکی وا چەپەڵ بکەم، لە ئەنجامدا بێدەنگ مامەوە و هیچم نەگوت.

دوابەدوای ئەو قسە و هەواڵانە، برادەرێکی خۆشەویست نامیلکەیەکی بۆ ناردم کە هەمان نووسەری دوو ئیمەیلەکە نووسیبووی و تێیدا هێرشی کردبووە سەر کاک ڕەحمانی محەممەدیان نووسەری کتێبی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا" و گوتبووی کتێبەکە تۆ نەتنووسیوە و ئەنوەر نووسیویەتی! من ئەم قسەیە بۆ مێژوو دەکەم نەک بۆ ئەو برادەرە کە هیچ ڕق و کینەیەکیشم لێی نییەو و ئەو دەم و ئێستاش ئەگەر بیەوێت چ بە ئیمەیل چ بە تەلەفون ئامادەم زۆر دۆستانە قسەی لەگەڵدا بکەم. بەڵام برالە بە هەرکەسێکتان باوەڕ هەیە تا ئەم دەقیقەیە کە ئەم دێرانە دەنووسم نەمزانیوە و نازانم ئەو بەڵگەنامانەی حاجی قاسمی نەمر کە ئێوەی تووڕە کردووە، کێ داویەتی بە کاک ڕەحمان. ئەوە درۆ نییە و باوەڕی ئایینیشم نییە سوێندتان بۆ بخۆم بەڵام بە ویژدانم قسەم درۆ ناکەم، نەزانیومە و نە دەزانم ئەو بەڵگەنامانە چ مرۆڤێکی خەباتکاری بوێر ئەو هەموو ساڵانە "دوور لە چاوی چەتە" ڕایگرتوون و گەیاندوونیەتە دەستی کاک ڕەحمان. من کەم تا زۆر دەورێکم لەو کارەدا نەبووە و نەشمویستووە لە کاک ڕەحمان بپرسم کێ ئەوانەی پێداوە، ئەویش بۆ ڕێز گرتن لە خۆی و کاری بوێرانەی ئەو کەسانە کە بەڵگەنامەکانیان تا ئەمڕۆ پاراستووە و لە دەستی ساواک و ماواک ڕزگاریان کردوون.

من پاکانە لای کەس ناکەم و دەڵێم سەد بریا ئەو بازە لە سەر من بنیشتایە و متمانەم پێ بکرایە و ئەو بەڵگەنامانە بە من بدرایەن کە بە شێوەی خۆم بڵاوم بکردانەتەوە، بەڵام وەک گوتم ئاگام هەر ئەوەندە لە کارەکە هەیە کە ئێوە هەتانە. کاک ڕەحمان بەڵگەنامەی نێو کتێبەکەی لە ماڵی خەڵکانی ئاسایی کۆکردۆتەوە و ڕێکی خستوون، خۆی کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزی شارەکەیە و خەڵکیش متمانەی پێدەکەن، دیارە وەک هەموو نووسەرێکی دیکەی ئەو چەشنە بابەتانە، یارمەتی لە کەسانی دیکە وەرگرتوون و ناویانی لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسیوە کە یەکێشیان منم، نە ئەو و نەمنیش ئەوەمان نەشاردۆتەوە، بەڵام من ئاگام لە پێکهاتنی کتێبەکە و چۆنیەتییەکەی و گردوکۆیی سەرچاوەکان نەبووە، تایپکرانیشیان لە بۆکان بەڕێوە چووە و ئەو برادەرە بەڕێزەی کە کتێبەکەی تایپ کردووە هەمان ئەو کەسەیە کە نامیلکەی کاکی هێرشکاریشی تایپ کردووە! کەوابوو من بۆچی کەوتوومەتە بەرپلاری ئێوە؟ کتێب و وتار دەنووسرێن و بڵاویش دەبنەوە واهەیە هەمووی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبن و پێشمان خۆش نەبن، بەڵام ڕەنگانەوەی وا توند و تیژ بۆچی؟

نووسەری نامیلکەکە نەک هەر ئەو بوختانەی لێداوم، بەڵکوو تەوسی لە کاکم و خاڵیشم داوە و کارەکەی کردۆتە کێشەیەکی دواکەوتووانەی بنەماڵەیی و عەشیرەیی کە من هەمیشە ویستوومە بە کیلۆمەتر لێی دوور بم. من تا ئێستا لە چوار شوێنی جیاوازدا بە ڕاشکاوی باسی ساڵانی زیندانی خۆم و گیرانم و

پەیوەندیدرانی کارەکەم بە کاکمەوە و وەربوونی ساواک بە دووکانەکەی کردووە و نە ئەو و نەمن و نەکەس نەیویستووە ئەوە بشارێتەوە، دەیان جاریشم گوتووە بۆ ئەو کارەم خەجاڵەتی کاکی هەژاری بێ تاوانی خۆم ماومەتەوە و تا دەشمرم هەر خەجاڵەتباری دەبم.

نووسەر نەک هەر هێرشی کردۆتە سەر کاکم، بەڵکوو خاڵیشمی خستۆتە بەر پلار کە ساڵەهایە لە ژیاندا نەماوە. نە خاڵم خزمی لە ئیسرائیل هەیە نە کوڕەکەی! ئەو هەژارە بۆ عیلاجی چاوی نەچۆتە ئیسرائیل و تەنانەت بە فڕۆکەش بە ئاسمانی ئیسرائیلدا تێپەڕ نەبووە! ئەو عیلاجی چاوی خۆی لە ئاڵمانیا کرد و کاک سەلاحی کوڕی و کاک ناسری ئیسماعیل پووریشی لەگەڵ بوون کە تا ئێستاش لە ئاڵمان دەژین، ئیتر ئەو بوختان و درۆیانە لە پای چی؟ دوای هەموو ئەوانەش، ئەوە دوور لە جوامێرییە بۆ ئاجێندایەکی تایبەتی خۆت هەستی ئایینی خەڵک دژ بە کەسێک بورووژێنی کە حاجی بووە و پێنج فەڕزە نوێژی نەچووە. عیلاجی چاو لە ئاڵمان چ پەیوەندێکی بە ئیسرائیلەوە هەیە؟ ئەوە بێ مروەتی نییە؟

نووسەری نامیلکە، کە دەبێ لە تەوس و پلار لێدان و درۆ هەڵبەستندا دەستێکی باڵای هەبێت، لە شوێنێکی دیکەی نامیلکەکەدا نووسیویەتی گوایە من خوردەحیسابم لەگەڵ کۆمەڵە هەیە! چ خوردە حیسابێک براله؟ لە سەفەری دووساڵ پێش ئێستای سلێمانیمدا، تاقە یەک شەوم هەبووە بتوانم سەری دۆست و ناسیاو بدەم، لەسەر داوخوازی خۆم و موافەقەی کاک سەلاحوددینی موهتەدی لەگەڵ برادەرێکی خۆشەویستی هەردولاماندا چوومەتە ماڵی کاک سەلاح و زیاد لە دوو سەعات و نیو لەوێ دایشتووم، ئەگەر جارێکی دیکەش ڕێگەم بکەوێتەوە سلێمانی هەمان کار دەکەم. ئەوە کاری کەسێکە خوردەحیسابی لەگەڵ کۆمەڵە هەیە؟ کاک سەلاح و کاک سوارەی نەمر بە مامۆستای خۆم دەزانم، ڕێزی زۆرم بۆ کاک عەبدوڵڵای موهتەدی هەیە و وەک سیاسەتمەداری لێزانی کورد سەیری دەکەم، جا هێڵی فیکریی ئەوم بەدڵ بێت یان نا، ئەوە شتێکی دیکەیە. دیارە من هەرگیز مائۆئیست نەبووم بەڵام چ کێشەیەکیشم لەگەڵ مائۆئیستەکان نەبووە و تاقە دێڕێکم لەسەر نەنووسیون. ئێستاش لەگەڵ زۆرکەسدا لە هەموو باڵەکانی کۆمەڵە تا حیکمەتیستەکان دۆستایەتیم هەیە و ڕێزیان لێ دەگرم. خوردە حیساب ئەوانەن؟

کورتی بکەمەوە، کاتێ ئەو نامیلکەیەم بینی، لاقم بۆ درێژەی ڕێگا شل بووەوە و ئێستا هەست دەکەم چیتر ناتوانم درێژە بە نووسینی بابەت لە سەر مێژووی بۆکان بدەم. برادەرێک چەند ساڵ پێش ئێستا لە مەهابادەوە بەڵگەنامەیەکی بۆ ناردم سەبارەت و وتاردانی مەرحوومی قاسم ئاغای موهتەدی لە بەر دەمی شا و لە سەر گۆڕی ڕەزاشا لە دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و تێکشکانی حکوومەتی میللی دوکتۆر موسەددیق. ئەو برادەرەم نووسیبووی "کاکە! ئێستاش لێرە ئاغا پیاو دەخۆن! بەڵکوو تۆ لەوێ بڵاوی بکەیەوە دەنا من لێرە ناوێرم"، ئێستا دەزانم ئەو برادەرە چی کێشاوە و فێئۆدالیزم ئەگەر وەک ژێرخانی ئابووری- کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەماندا نەمابێت، وەک سەرخانی فەرهەنگی هەر ماوەتەوە و بەرگرە لەوەی تەنانەت ڕەخنەیەکی بەبەڵگەی سیاسی لەو سیستەمە چەپەڵە بگیرێت کە بەدرێژایی چەند هەزارساڵ خەڵکی لەسەرانسەری ئەم جیهانەدا (بە بۆکانیشەوە!)چەوساندۆتەوە. ئێستاش خەڵکانێک هەن یان کوڕوکاڵی فێئۆداڵەکان یان دانیشتووانی دیوەخانەکانیان، کە ئەگەر دەنگێک بۆ لەقاودانی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و خەیانەتی دەرەبەگەکان بەرز ببێتەوە، هەوڵی بێدەنگ کردنی دەدەن، دیارە ماسکی ڕووناکبیریشیان بە دەموچاویانەوە نووساندووە.

لە بارودۆخێکی وادا، من دەرەتانێک بۆخۆم نابینم درێژە بەکارەکە بدەم. نامەوێت هەرشتێک لەسەر کاروکردەوەی چەپەڵی سەردەمی فێئۆداڵی لەبۆکان بنووسم، کەسانێک هەستن سووکایەتی بە باوک و برا و کەس وکارم بکەن و قسە بۆ خۆم هەڵبەستن. لە ڕەخنەی ئەوان و کەس ناترسم، بەڵام شەڕەجنێو و بوختان هەڵبەستنم لە دەست نایەت.

***

هەر بۆیەش خوشک و برایانی بەڕێزم، ئەوە دوایین بەشی "بۆکان لە مێژوودا" دەبێت. چیتر ئامادە نیم درێژە بە کارەکە بدەم. سپاسی ئێوە دەکەم کە لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا بە ئیمەیل و نامە و تەلەفون سەدان جار پەیوەندیتان پێوە کردووم، لوتفتان نواندووە، بابەتتان بۆ ناردووم، هەڵەتان بۆ ساغ کردوومەتەوە و هانی درێژەدان بە کارەکەتان داوم.

هەرچۆنێک بێت، "بۆکان لەمێژوودا" بۆ من هاتە کۆتایی، بەڵام هیوادارم بۆ نەوەی داهاتووی کوردستان نەک هەر کۆتایی کار نەبێت بەڵکوو سەرەتایەک بێت و لەدواڕۆژدا لەسەر ئەم بنەمایەی کە ئێوە و من پێکەوە دامانناا، بینایەکی قورس و قایم بنیات بنرێت. نووسینی مێژووی شارە کوردنشینەکان کارێکی نوێ نییە. "مێژووی دیاربەکرییە" لە سەدەی پازدەهەمی کۆچیدا نووسراوە. سەدەی نۆزدەهەم نووسرانی ١٠ بەرگ کتێبی سەبارەت بە ناوچەی ئەردەڵانی بەخۆیەوە بینیوە، بابەتی سەبارەت بە مێژووی سلێمانی وهەولێر و شارەکانی دیکەی باشوور ژمارەیان گەیشتوتە دەیان بەرگ کتێب؛ نووسینی مێژووی شاری مەهاباد تەنانەت پێش کارەکانی کاک سەید محەممەد و سەید عەبدوڵڵای سەمەدیش، بە"ساڵنامە مهاباد"ی دوکتور محەممەدی مەجدی و نامیلکەی مێژووی مەهابادی دوکتور ئەمیری حەسەنپوور لە پەنجاکانی زایینیدا بنەمایەکی باشی بۆ دانرا. دوکتور محەممەد عەلی سوڵتانی لە کرماشان، کاک کەلیموڵڵا تەوەحودی لە خۆراسان، مامۆستا ڕەئووف تەوەککولی لە بانە، کاک عومەری فاروقی لە سەقز، کاک فەرەیدوون حەکیم زادە لە سەردەشت، و زۆر خەڵکی دیکە لە شنۆ و خانێ و .... مێژووی ناوچەی خۆیان نووسیوە و سەرجەمی مێژووی کوردستانەکەمان لە ئەنجامی ئەو هەرەوەزە مەزنەدا بەرهەم دێت.

یەکەم هەنگاو بۆ نووسینی مێژووی بۆکانیش دەگەڕێتەوە بۆ کارە بەنرخەکەی کاک برایمی ئەفخەمی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا بڵاو بووەوە. کاک ڕەحمانی محەممەدیان و کاک تاهیری عەلیار درێژەیان بە ڕێگا دا و واهیە کارەکەی منیش لە پاشکۆی کاری ئەو خەباتکارانەدا کەم وزۆر بایەخێکی هەبێت. گەلێک هیوادارم ماندوویی خۆم و یارمەتی بێدرێغی هاوڕێکانم بێ ئەنجام نەبن و سوودێک بە کاری توێژینەوە لە مێژووی کوردستان بگەیێنن.

ڕێزی زۆرم هەیە بۆ هەموو هاوکاران و یاریدەدەرانی "بۆکان لە مێژوودا" بەتایبەت ماڵپەڕی "ڕۆژهەڵات – بۆکان" و کارگێری بەڕێزی.

ماڵی دۆست و یاران ئاوا و گەردنی نەیارانیش ئازاد.

ئەنوەر سوڵتانی

لەندەن ٢٠١٣/١١/١